# خاڵی دەستپێکردن و یەکگرتن، سەراتاکانن

بەشی یەکەم

هەژێن
http://www.kurdplanet.net/hezhean/

ئەوەی کە دەبوو، دەهەونیوێک لەمەوبەر هەنگاوی لێبڕاوانەی بۆ بنرێت، وا خەریکە چەند هەڵسوراوێکی شیلگیر ئەوروکە بۆ شکاندنی ئەو بازنە بۆشەی، کە بزووتنەوەکە تێیدا گیری کردووە، هەر یەکە بە تێروانینی خۆیەوە هاتوتە پای شکاندنی و ڕونکردنەوەی ئاسۆی. ئەمە جێگەی خۆشحاڵییە و گورووتینێک بە هەوڵە ناوبەناو و پچرپچرەکان دەدات و دەبێتە سەکۆیەک بۆ لێدوان و توێژینەوە و هەڵسەنگاندنی هەوڵەکانی و لەوەوپێش و چالاککردنەوەی ئەو توخمە شۆرشگێرانەی، کە لەبەر هەر هۆیەک بووە، ساڵانێکە کەنارەگیریان کردووە و دوورەپەرێزی نیشاندەدەن، هەروەها ڕاماڵینی ئەو نائومێدییەی کە سەراپای ژیان و بیری نەوەی نوێی داگرتووە.

منیش بە نۆرەی خۆم، هەوڵدەدەم چەند سەرخەتێک بۆ پێشنیار و بۆچوونەکانی ئەو هاوڕێیانە ( سامان سەعید، بژار، ماهیر عیسا و سەمەد موحەمەد ، ....) زیاد بکەم و پێم باشبوو، لەبری وەڵام بە یەکەکە و باسێکی ناپەیوەند و بەیەکاچوو، پێم باشە، کە بۆ ئەوەی لەیەک بگەین و بوار بۆ کەسانی دیکەش خۆش بکەین، تاوەکو بەشداری بکەن و باسەکان بە سەرەنجام بگەن، بە سێ بە چەند بەش سەرنجەکانی خۆم بخەمەڕوو.

کاتێک کە ئێمە لەسەر مێژوو، ساتی پێداویستی سۆشیالیزم، شێوازەکانی خەبات بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگەی سۆشیالیستی، ئاستەکانی خەبات، ئامرازە کاراکانی خەبات، ئاسۆی خەبات، تاکتیک و ستراتیژمان لەم خەباتەدا، چۆنیەتی شۆڕش و هەنگاوە سەرەتاییەکانی، ئاستەکانی شۆڕش، ئەڵتەرناتیڤمان لەبەرامبەر دیموکراسی و پارلەمان و دەسەڵاتی تاکپارتی و فرەپارتی، ڕێگەچارە و ئەڵتەرناتیڤمان بۆ کێشە نەژادی و نەتەوەیی و ئاینی و چی و چیتر...، چۆنیەتی ڕێکخستنی کۆمەڵگەی سۆشیالیستی، بەڕێوەبەرایەتی، ئەڵتەرناتیڤی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیمان، لەسەروی ئەمانەوە تێروانینمان بۆ ئازادی و یەکسانی ئابووری و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و گەلێ بابەتی‌تر، ڕۆشن نەبێت، ئیتر چۆن دەتوانین بچینەپای قسەوباسێکی سەرەکی وەک هەستانەوەی بزووتنەوەکە. ئاخر بزووتنەوەیەک کە هێشتا هێڵی جیاوازبوونی خۆی لەگەڵ بزووتنەوە سیاسییە دەسەڵاتخوازەکان و پارێزەرانی سەروەری چینایەتی نەکێشابێ، چۆن دەتوانێت هەنگاوێکی وا مێژووی بنێت، کە سەرەنجامەکەی کۆمەڵگەی ناچینایەتی لێوە بەرهەم بێت؟

من سەرەڕای هاورایی یا جیاوازیم لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەدا، دەمەوێت پەنجە لەسەر ئەوە دانێم، کە هەر هەنگاوێک هەر دەستپێشخەرییەک گەرچی سەرەتاییش بێت، ئەوا دەبێتە چەقی قسەوباس و بزواندنی کەسانی دیکە، وەک ئەو وتەیەی کە دەڵێت "ببزوێ با دەوروبەریش لەتەک تۆدا ببزوێ". هەنگاوانی ئەم هاوڕیانەش من لەم ڕووەوە بە پۆزەتیڤی دەزانم و جێگەی دەستخۆشانەیە و پێویستی بە درێژەپێدان و هەناسەدرێژی هەیە و نابێت لەبێ وەڵامی و بێدەربەستی هاوڕێیانی‌تر دڵسارد بین، چونکە شکاندنی بەستەڵەکێک کە لە پاش ئەنتەرناسیونالی یەکەمەوە لە هزری سۆشیالیستیدا دروستبووە، کاری یەک وتار و چەند ڕۆژێک نییە، بەڵکو بەردەوامی و نوێکردنەوەی دەوێ، تاوەکو کەسانێک کە لە چەنەبازی و سیاسەتبازی ئاکادیمیستەکان زەندەقیان چووە و ناوێرن خۆیان لە قسەوباس لەمەڕ ژیانی خۆیانەوە بدەن، بوروژرێن و هان بدرێن، هەنگاوی یەکەم هەڵهێننەوە. ئەمە دیاردەیەکی زاقە و ئەندامانی پارتە سیاسییەکان دووچاری بوون و وەک تەلیسمێک لە زمان و دەستیان ئاڵاوە و خۆیان دەخۆنەوە و خۆزگە بە زیندوبوونەوەی مردووان دەخوازن، تاوەکو بیروبۆچون و خواستەکانیان دەربڕن، ڕێک وەک ئەو مرۆڤە تێکشکاوانەی کە خۆزگە بە توانای سۆپەر پاڵەوانی فیلمەکانی هۆلیوود دەخوازن. ئەم هەنگاوەی ئەنگۆ دەمێکە پێداویستی مەڵموس بووە و بەدڵنیاییەوە دەبێتە هۆی تەقینەوەی بورکانی توانای کەسانێک، کە دامودەزگەکانی کۆمەڵگەی چینایەتی دەستەمۆی کردوون.

بۆ ئەوەی پرسیارگەلێک لای خوێنەران بوروژێنین و پردێک لەگەڵ ئێوەشدا ببەستم، لێرەدا هەوڵدەدەم لەمەڕ خاڵە سەرەکییەکانی پێشنیار و بۆچوونەکانتان، سەرنجی خۆم بخەمەڕوو،

بەو هیوایەی درێژە پیدەر و گەشە پێدەری باسەکان بێت، بۆ ئەم مەبەستە لە هاوڕێ « سامان سەعید»ەوە دەست پیدەکەم :

هاوڕێ سامان لە باسەکەیدا دەچێتە سەر گۆشەگیری دەستەیی (فیرقەیی) چەپ، کەچی لە خاڵی یەکەمی سەرخەتەکانیدا، لەناو ئەو چەپەدا بۆ ڕێکخراوکردنی بزووتنەوەی سۆشیالیستی لە ژێر هێڵێکی سیاسی هاوبەشدا دەگەڕێ. بەپڕوای من هۆی ئەمە بۆ دانەپرانی هاوڕێ سامانە وەک هەڵسوراوێک، لەو سونەت و بیرکردنەوەیە و هێشتاکە نزیکایەتی پیوە دیارە. لەسەر ئەو بنەمایەی کە بزووتنەوەی سۆشیالیستی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتییە، خاڵی دەستپیکردن و هەستانەوەشی ڕێکخستنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانە و لە جەرگەی ئەوانەدا دەتوانێت، پەیامی خۆی، ئەڵتەرناتیڤی خۆی، ئۆلگوی خۆی بۆ کۆمەڵگەی داهاتوو، بخاتەڕوو. پێچەوانەی ئەمەش، گەر لەناو دەستە و گروپە چەپەکاندا بۆ بزووتنەوەکە و وەگەڕخستنی بگەڕێن، بەدڵنیاییەوە هەمان گۆشەگیری سەرەنجامەکەی دەبێت، کە خودی هاوڕێ سامان لێی بەدەنگهاتووە. ئەوەی پێویستە وەک خاڵی دەستپێکردن، هەر یەکەمان لە شوێنی خۆیەوە، لە شوێنی کارو ژیانیدا، لەناو توێژەکەیدا دەستبەکاربوونە بۆ پیکهێنانی ڕێکخراوە جەماوەرییە سەربەخۆکان و گرێدانەوەی زنجیرەکانی خەبات و سەرتاسەریکردنەوەی بزووتنەوەکە، کە سەرەنجامەکەی دەرکێشانی بزووتنەوەکەیە لەژێر سێبەری چەپ و گێرانەوەیەتی بۆ چەقی کۆمەڵگە و کاریگەربوون.

لە بارەی خاڵی دووەمەوە، من پێموانییە، کە سۆشیالیزم و مارکسیزم یەکسان بەیەک بن و باشترین بەڵگەش شۆڕشی ئۆکتۆبەرە، هەرچەندە لەوە دەچێ ئەم هاوڕێیە، سەرەڕای ئەو شکستە مێژووییەی بزووتنەوەکە لەسەر دەستی مارکسیست لینینستەکانی ڕوسیە بەسەری هات، سەرنج و رەخنەی لێی نەبێ. هەرئەوەی کە ئێمە ئایدیۆلۆژیا و ڕێبازێکی هزری بکەینە ڕێرەومان، بەدڵنیاییەوە بزووتنەوەکە هەنگاوێک ناچێتە پێشەوە، ئەگەر بەرەو دوای نەبات. بۆنموونە لە هاوڕێ سامان دەپرسم: ئەگەر لە ڕوسیەی پاش ۱۹۱۷ هەوڵ و خواستەکانی پرۆلیتاریا لە قاڵبی یەک ئایدۆلۆژیا و لە دەسەڵاتێکی پارتیدا شەتەک نەدرایەن، ئایا هەمان سەرەنجامی ئێستامان دەستگیر دەبوو؟ ئەگەر لە کرۆنشتات بوار بدرایە کارگەران و مەلەوان و وەرزێران خۆیان بەڕێوەبەرن، لە پترۆگراد مانگرتنی گشتی بە داپڵۆساندن وەڵام نەدرایەتەوە، ئەگەر لە ئۆکرانیا کۆمۆنە کشتوکاڵییەکانی وەرزێران سەرکوت نەکرایەن، ئەگەر لە گۆشەکانی تری ڕوسیە بە زۆر نەتەوەکان بە دەوڵەتی تازەوە شەتەک نەدرایەن، ئایا هەر ڕوبەڕووی ئەو شکستە دەبووینەوە و هەر بەهەمانجۆر؟  ئایا دەکرێت ئێستاش هەر بەو ئاقارە هەڵەدا بزووتنەوەکە بەڕێ بخەینەوە. ئەگەر بۆلشەڤیکەکان بە پێداگرتنیان لەسەر ئەو هەڵەیان تاوانباری مێژوو بن، ئەوا ئێمە بە سەرلەنوێ کردنەوەی هەمان هەڵە دەبینە گەمژەی مێژوو و مێژوو لێمان خۆش نابێت و پاساو هەڵناگرێت.

هاوڕی سامان بێ سڵەمینەوە و دوودڵی، کاری ڕۆتینی سۆشیالیستی دەکاتە رابەری کردن و ڕێکخراوکردنی کارگەران و زەحمەتکێشانی کوردستان. جارێکی تر ئەم هاوڕێیە، دەگەڕێتەوە سەر سونەتە چەپییەکە و دەستبەرداری واژەی ڕابەری نابێت، ڕابەری کارگەران و زەحمەتکێشان لە لایەن کێیوە و بۆچی، مەگەر خۆیان هێندە بێتوانا و بێئاوەزن، تاوەکو رابەری بکرێن، ڕێکبخرێن، ئەی مەگەر ئەوان سەرچاوەی هێزی کۆمەڵگە نین و ئەوان شۆڕشگێڕترین توخمی کۆمەڵگە نین، ئیتر چۆنە پێویستیان بە ڕابەری کردن هەیە. کارگەران و زەحمەتکێشان و گشت بەشە چەوساوەکانی کۆمەڵگە، لەڕوتی خەباتی جەماوەرییاندا پەی بە گرنگی و پێویستبوونی یەکگرتنی خۆیان لە ڕێکخراوە سەربەخۆکانی خۆیاندا دەبەن و شێوەکانی ئەم ڕێکخراوبوونە و ئامرازەکانی لەڕەوتی خەباتی ڕۆژانەی جەماوەری سەربەخۆی خۆیاندا ئەزموون دەکەن و هەڵدەبژێرن و پێموایە خۆشتان وەک هەڵسوراوێکی نێو کارگەران و کارمەندانی نەخۆشخانەکان، لەم بارەوە ئەزموونتان هەبێ.

پاشان ئەم هاوڕێیە دوو ئەرکی دەستبەجێ دیاری دەکات ؛

١- چارەسەری ستەمی میللی و جیابوونەوە، کە بە مارکسیستەکانی دەسپێرێت، بە پروای من کێشەی نەتەوایەتی و یەکگرتن و جیابوونەوە، کێشەیەکی سیاسییە و بەو پێیەی کە پرۆلیتاریا ( گشت چین و توێژە بندەستەکانی کۆمەڵگەی چینایەتی) زۆرینەی کۆمەڵگە پێکدێنێت، ئەوا بەشێک لە خەباتی سیاسی ئەم چینە پێکدێنێک و بە شیوازی تایبەت و هەڵقولاوی خەباتی چینایەتییەوە، وەڵامی پیدەداتەوە و داخوازییەکی دەستبەجێی سیاسی کارگەرانیشە و مارکسیستەکان تەنیا گروپیکن لەناو کارگەراندا و

ناتوانن، ئەو ڕۆڵە سەرەکییە بگێڕن. هەروەها لەسەر ئەو بنچینەیەی کە کۆمەڵگەی سۆشیالیستی لەسەر ئامادەیی و خواستی ئازادانەی ئەندامانی کۆمەڵگە پێدێت و فیدرالیزم و فیدراسیۆنەکان نەک تەنیا لەنێوان نەتەوەکان و وڵاتاندا، بەڵکو لە نێوان گوند و شار و ناوچە و هەرێمەکانیشدا، دەبێت بنچینەی پێکهاتنی بەڕیوەبەرایەتییە خۆییەکانی پرۆلیتاریا بن لە کۆمەڵگەی سۆسیالیستیدا، هەر ئەوەی کە دەبوو دەسەلاتی پارتی بۆلەشەڤیک لە ڕوسیادا ملی پێ بدات و بە فەرمی بیناسێت و بیکاتە سەرمەشقی بزووتنەکانی پاش خۆی، هەر بەم پێیەش پێکهاتنی ئازادانەی فیدرالیستی نێوان نەتەوەکان پشتبەستوو بە ڕاپرسی گشتی نەتەوەی چەوساوە و ژێردەست، نەک فیدرالیزمی نێوان بورژوازی نەتەوەکان وەک ئەوەی ئێستای عیراق! ئەگەر ئەمە لە تواناادا نەبێت، ئەوا جیابوونەوە باشترین چارەسەری دەستبەچێ و مافی بێ ئەملاوئەولای نەتەوەی ژێردەست و چەوساوەیە.

٢- لە ئەرکی دووەمیشدا، دیسانەوە دەستەودامێنی چەپ دەبێتەوە و داوای ئادەبوونیان لێدەکات لە بواری بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و مافی تاکەکەس و گشتیدا. دواجار ئەم هاوڕێیە، بە پێچەوانەی خواستی خۆی و چاوەڕوانی خوێنەر، کە هەڵخڕاندنی بزووتنەوەی سۆشیالیستییە، کەچی ڕۆشنتر دەربدەخات، کە مەبەستی لە ڕێکخراوکردنی مارکسیستەکانە و لەناو مارکسیستەکانیشدا ئەو مارکسیستانەی کە لە فێرگەی لینینزم و مەنسوریزمدا پەروەدە بوون. ئەمەش دووبارە دەمانباتەوە سەر ئەو خاڵەی کە بزووتنەوە جەماوەری و کۆمەڵایەتییەکان بکرێنەوە پاشکۆی پارتی پێشڕەو و سوڕانەوە لە هەمان بازنەی بۆشی چەند دەهەدا و گەڕانەوە سەر خاڵی گیرخواردن و کەنارەگیری. من زۆرجار پێ لەسەر ئەم خاڵە دادەگرمەوە، چونکە ڕێچکەیەکی ئایینی جێخستتووە و سۆشیالیستەکان بە مورید و پەیڕەوی مارکس دادەنێ و سۆشیالیزمیش بە داهێنراو و دانراوی مارکس و هاوەڵەکانی، بۆیە هەموو جارێک ناچار بە لێدانەوەی ئەو قەوانە دەبمەوە، کە پێویستمان بە خوێندنەوەی مێژوو هەیە، مێژوو بەگشتی و مێژووی خەباتی چینایەتی بەتایبەتی، ئاخر ئەگەر هەر پسپۆرێکی بواری تەکنۆلۆژیا بۆ ئەوەی لە داهێنانە نوێکان دانەبڕێت، پێویستی بە خوێندنەوەی هەواڵ و ڕاپۆرتەکانی ئەم بوارە هەبێت، ئەوا بۆ هەڵسوراوێکی سۆشیالیست، لەهەر هەڵسەنگاندن و بڕیاردانیکدا پێویستی بە خوێندنەوەی رابودوو و واقیعی ئێستا و پێکەوە گرێدانەوەی ئەم دووانە هەیە؛ بەبێ ئەزموون وەرگرتن لە دوێنێ، ئەستەمە بتوانین ئەوڕۆکە قسەیەکی دروست یا هەنگاوێکی شۆڕشگێڕانە بنێین!

دواجار، جارێکیتر دەستخۆشانە لە هاوڕێ سامان دەکەم و هیوادارم لێم دڵگیر نەبێ و بەو هیوایەی گەر وی ناکۆکی و لاوازییەک لە بۆجوونەکانی مندا دەبینێت، ئەوا لەپێناو سۆشیالیزمدا پێویستە رەخنەی ڕوخێنەرانەم لێ بگرێت و هاوڕێیانە لە پەرەوازە بوون بمگێڕێتەوە، ئەمە ئەرکی هەموومانە و خۆلادان لێی، کەمتەرخەمی و پەیگیرنەبوونمانە بۆ ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری.